له بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# پەیوەندی نێوان قورئان و دڵ

ئامادە کردنی

باوکی پێشین

------------------------------------------------------------------

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحَمْدُ للهِ رَبِّ العالَمِيْنَ وَالصَّلاةُ وَالسَّلامُ عَلى رَسُولِنا وَحَبيبِنا مُحَمَّدٍ وَعَلى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلّم: أمَّا بَعْدُ:

خوای پەروەردگار زیادە ڕێز و شەرەفێکی بەمرۆڤ بەخشیوە و فەزڵی داوە بەسەر زۆرێك لە دروستکراوەکانی خـۆیدا, لەناو مرۆڤەکانیشدا بەتایبەت ئەوانەی شوێن پێغەمبەران کەوتوون و باوەڕیان بە پەیامەکانی هێناوە ڕێزدارتر و پلەبەرزترن لەوانی تر, وە لەناو جەستەی هەر مرۆڤێکیشدا پارچە گۆشتێك هەیە کە لە هەموو ئەندامەکانی تر بایەخ و زێدە گرنگی پێ دراوە و هەمیشە گوتاری قورئان ئاراستەی ئەو کراوە, بەشێوەیەك کە باش بوونی ئەو سەردەکێشێت بۆ چاك بوونی تەواوی ئەندامەکانی تری, وبەپێچەوانەشەوە, وە هەروەها کاریگەری خۆی هەیە, ئەو پارچە گۆشتەش بریتیە لە دڵ, لەبەر بەپێزی و پایەی دڵە کە شوێن و نشینگەی ئیمان وباوەڕە و جێگەو لانکەی ئەو پەیامەیە کە خوای پەروەردگار بەخشیویەتی بە مرۆڤ.

**بۆیە بەڕێزان:** ئەوەی مەبەستە لێرەدا بووترێت ئەوەیە کە قورئان چۆن باسی دڵی کردووە و دڵیش چۆن قورئانی لە ئامێز گرتووە, ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و بایەخی قورئان لەبەر ئەوەی خۆی پیرۆز و پڕبایەخە دەبێت شوێنەکەی

لەمرۆڤدا بەبایەخترین ئەندام بێت و پایەبەرزترین شوێن بێت کە دڵە. هەر لەبەر ئەوەیە کە گوتارە قورئانیەکان ڕاستەوخۆ ئاراستەی دڵ کراون چونکە گشت ئەندامەکانی تری جەستە شوێنکەوتەی دڵن و گوێڕایەڵی ئەون, جگە لەوەش دڵ بزوێنەری کردارەکانە و هەتا لەوێوە فەرمان دەرنەچێت و حەز و ئارەزووی دڵی لەگەڵدا نەبێت ئەوا کارەکە نایەتە جێ بەجێکردن, و ئەگەریش کارەکە ئەنجام درا ئەوا بەپێی نیەتی دڵ پاداشت و سزای بۆ دەنووسرێت, کەوابوو دڵ پێش کردنی کارەکە و دوای ئەنجامدانی کارەکەش هەر پێوەرەو پشتگوێ خستنی بۆ نیە.

پێغەمبەری خـوا ﷺ سەبارەت بە گرنگی دڵ دەفەرموێت: " أَلاَ وَإِنَّ فِي الجَسَدِ مُضْغَةً: إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الجَسَدُ كُلُّهُ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الجَسَدُ كُلُّهُ، أَلاَ وَهِيَ القَلْبُ "( متفق عليه)

واتە: ئاگادار بن کە لە جەستەدا پارچە گۆشتێك هەیە: ئەگەر هاتوو چاك بوو ئەوا هەموو جەستە چاك دەبێـت, ئەگەریش هاتوو خراپ بوو ئەوا هەموو جەستە خراپ دەبێت, ئەویش بریتیە لە دڵ.

هەروەها وەکو وتراوە:

للقلبِ سِـرٌ لَيسَ يعـرفُ قَـدرَهُ          إلاّ الـذي آتـاهُ لِلإنـسـانِ

واتە: دڵ نهێنیەکی هەیە هیچ کەس ئەندازەی نازانێت تەنها ئەوە نەبێت کە بەخشیویەتی بەمرۆڤ.

یان پێشەوا ابن القیم بەرەحمەت بێـت سەبارەت بە دڵ دەڵێت:

قطعُ الـمَسافـةِ بالقلوب إليهِ لا          بالسيـر فـوق مـقـاعد الـركـبان

واتە: بڕینی ڕێگابۆ لای خوا بە دڵە نەوەك بە ڕێکردن و بەسواری ئاژەڵان.

هەروەها پێغەمبەری خـــوا ﷺ ئاماژەی بۆ سنگی کردووە و سێ جار فەرموویەتی: " التَّقْوَى هَاهُنَا"( صحيح مسلم) واتە: تەقوا لێرەدایە.

جا دەمەوێ ئەم بابەتە گرنگە بەچەند تەوەرێك بخەمە ڕوو بەم شێوەیەی خـــوارەوە:

## أ/ قورئان بۆ سەر دڵ دابەزیوە:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّهُ لَتَنْزِيلُ رَبِّ الْعَالَمِينَ (١٩٢) نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ (١٩٣) عَلَى قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنْذِرِينَ (١٩٤) بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُبِينٍ

(١٩٥) ﴾ ( الشعراء ) واته: بێگومان ئەو قورئانە نێردراوی پەروەردگاری جیهانەکانە, جوبرەئیلی دەستپاك و ئەمین هێنایە خوارێ, بۆ سەر دڵی تـۆ, تا بیی بەیەکێ لە ترسێنەران و خەڵکی پێ بترسێنی, ئەمەش بە زمانێکی عەرەبی ڕوون وئاشکرا دابەزێنراوە.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿قُلْ مَنْ كَانَ عَدُوًّا لِجِبْرِيلَ فَإِنَّهُ نَزَّلَهُ عَلَى قَلْبِكَ بِإِذْنِ اللَّهِ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ (٩٧) ﴾ ( البقرة ) واته: ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ: هەرکەسێك دوژمنی جوبرەئیلە, ( بابزانێـت) کە هەر ئەو جوبرەئیلە

بەفەرمانی خـوا ئەو قورئانەی دابەزاندۆتە سەردڵـت کە کتێبە پێشووەکان بەڕاست دادەنێت و ڕێنموونی بۆ چاکە دەکات و مژدە بەخشیشە بە ئیمانداران.

پێشەوا ابن تيمية بەڕەحمەت بێت لە کتێبی " التحفة العراقية " دا لە دوای باسێکی درێژیەوە سەبارەت بە حاڵی دڵ لە کۆتاییدا دەڵێت: **ئەوەی باسمان کرد ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بنچینەی دین لە ڕاستیدا بریتیە لە کاروباری ناخ ودڵ, کە پێك دێت لە زانست و کردەوە, وە کردەوە ديارو ئاشکراکانیش هیچ سوودێکیان نیە بەبێ ناخ و دڵ.**

هەربۆیە دڵی پێغەمبەری خوا ﷺ ساز و ئامادە کرا بۆ وەرگرتنی قورئان و ئەوەش لەفەرموودەدا هاتووە بەم شێوەیە:

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَتَاهُ جِبْرِيلُ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَهُوَ يَلْعَبُ مَعَ الْغِلْمَانِ، فَأَخَذَهُ فَصَرَعَهُ، فَشَقَّ عَنْ قَلْبِهِ، فَاسْتَخْرَجَ الْقَلْبَ، فَاسْتَخْرَجَ مِنْهُ عَلَقَةً، فَقَالَ: هَذَا حَظُّ الشَّيْطَانِ مِنْكَ ..."

( صحيح مسلم ) واتە: لەئەنەسی کوڕی مالکەوە دەڵێت جبریل هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ لەکاتێکدا ئەو لەگەڵ منداڵەکاندا یاری دەکرد, جبریل گرتی و دای بەزەویدا و سنگی لەت کردو دڵی دەرکرد و پارچەیەکی لەدڵی دەرکرد و ووتی: ئەمە پشك وبەشی شەیتانە لە تۆدا...

## ب/ زۆر دووبارە بوونەوەی ووشەی دڵ لە قورئاندا و قسەکردن لەگەڵیدا :

ئەمەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە چۆن کەسێك پەیامێك بۆ وڵاتێك دەنێرێت بەڵام لەڕێگەی پاشا و گەورەکەیانەوە ئاراستەیان دەکات, چونکە ئەویش فەرمان دەکات بە ژێردەستەکانی و ئەوانیش ملکەچی بڕیارەکەی دەبن. بەهەمان شێوە ئاراستەکردنی گوتاری قورئانی بۆ دڵ لەوەوە سەرچاوەی گرتووە

بەتایبەت لەلایەن خوایەکەوە دابەزێنراوە کە خۆی دڵی دروست کردووە و هەرخۆیشی زانا و ئاگادارە بە حاڵی دڵان.

جا بەڕێزان چۆن مرۆڤ لە ژورێکدا یان خانوویەکدا ناتوانێت بژێت و بەردەوامی بە ژیان بدات ئەگەر هاتوو ئەو خانووە بنمیچ (سەقف) و دەرگا و پەنجەرەی پێوە نەبێت, ئاوەهاش ئیمانیش ناتوانێت لە دڵێکدا بمێنێتەوە کە بەهێز نەکرابێ و نەڕازێنرابێتەوە بە ( الحب, الخشية, الخوف, التقوى, التواضع, الوفاء ... ). بۆیە ئەگەر دەتەوێ باوەڕ لەدڵتدا بمێنێتەوە ئەوا گرنگی بە چاك كردنی دڵت بدە و بیکە بە مۆڵگەی ئیمان و باوەڕ و ئامادەسازی بکە بۆ ئەو کارە. جا با پێکەوە هەندێك لەو وەصفانە بخوێنینەوە لە قورئاندا سەبارەت بە دڵ:

- ﴿أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَنْ تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ﴾ ( الحديد: ١٦ )

واتە: ئایا ئیتر کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دڵەکانیان ترسی خوای تێدا بڕوێنن و لە خوا بترسن؟.

- ﴿وَمَنْ يُؤْمِنْ بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (١١)﴾ ( التغابن )

واتە: جا ئەوەی باوەڕی تەواو بهێنێت ئەوا خوا دڵی ڕێنموونی دەکات بۆ لای خۆی.

- ﴿أَفَمَنْ شَرَحَ اللَّهُ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ فَهُوَ عَلَى نُورٍ مِنْ رَبِّهِ فَوَيْلٌ لِلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ أُولَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (٢٢) ﴾ ( الزمر: ٢٢ )

واتە: جا ئایا ئەو کەسەی کە خوای میهرەبان سینەی گوشاد کردووە بۆ ئیسلام ولەسەر ڕێبازی نوور وڕووناکی پەروەردگارێتی وەك ئەو کەسە وایە کە پێچەوانەیە؟ هاوار و وەیل بۆ ئەوانەی کە دڵیان ڕەقە لە ئاستی قورئان و یادی خوادا, ئا ئەوانە لە ناو گومڕاییەکی ئاشکرادان.

- ﴿يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ (٨٨) إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ (٨٩) ﴾

( الشعراء ) واتە: ئەو ڕۆژەی نەماڵ سوود دەبەخشێت و فریای ئادەمیزاد دەکەوێت نەمنداڵ ونەوە, مەگەر کەسێك بەدڵ ودەروونی پاك وبێگەرد وپڕ لە ئیمان بە خزکەت پەروەردگاری گەیشتبێت.

- ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُمْ بِذِكْرِ اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ (٢٨) ﴾ (الرعد ) واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوە ودڵ و دەروونیان ئارام دەبێت بە قورئان, ئاگاداربن کە دڵەکان هەربە قورئان ویادی خوا خۆشنوود دەبن ودەحەوێنەوە.

- ﴿وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكَ فَيُؤْمِنُوا بِهِ فَتُخْبِتَ لَهُ قُلُوبُهُمْ ﴾ (الحج: ٥٤ ) واتە: بۆ ئەوانەی کە زانست و زانیاریان پێ بەخشراوە دڵنیابن و بزانن کە بێگومان ئەم قورئانە حەقیقەت وڕاستە ولەلایەن پەروەردگاری تۆوە ڕەوانەکراوە, ئینجا بڕوای تەواو وبتەوی پێ دەهێنن ودڵەکانیشیان ملکەچ دەبێت بۆ خـوا, بێگومان خوا هیدایەتدەری ئەوانەیە کە باوەڕیان هێناوە بۆ ڕێگەو ڕێبازی ڕاست ودروست.

لە ڕاستیدا ئایەت زۆر هاتووە لەسەر ئەو باسە بەڵام بۆ ئەوەی بابەتەکە درێژ نەبێتەوە ئەوەندەمان باس کرد.

**جا بەڕێزان:** ئەوە گرنگ نیە کەبە خێرایی بەسەر ئەم ئایەتانەدا بڕۆیت و بیانخوێنیتەوە بەڵکو ئەوە سوودبەخشە کە بیریان لێ بکەیتەوە و لەسەر ئایەتەکان بوەستیت و بەچاو سەیری بکەیت و بە مێشك بیری لێ بکەیتەوە ئەوجا هەست بە قووڵی ماناکانی قورئان دەکەیت و هەندێکی کەمیت بۆ دەردەکەوێت.

## ج/ کاریگەری قورئان لە دڵـــدایە:

گەورەترین دەستکەوت لە ڕووکردنە قورئان بریتیە لە ژیانەوەی دڵ و هێوربوونەوەی، و سەختترین نەخۆشیش لە پشتکردنە قورئان بریتیە لە مردنی دڵ و ڕەقبوونی، هەربۆیە پەند و وانەو سوود وەرگرتن لە قورئان کورت کراوەتەوە بۆ سەر دڵ بەتەنهایی یان کەسێك هەوڵ بدات بەدڵ گوێبیستی بێت، وەکو دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِمَن كَانَ لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ (٣٧)﴾ (ق) واتە: بەڕاستی ئالەو بەسەرهاتانەدا یادەوەری هەیە بۆ کەسێك دڵێکی زیندووی هەبێت، یاخود گوێ بۆ قورئان ڕادێرێت، لەکاتێکدا ئامادەبێت بۆ فەرمانبەرداری و ئەنجامدانی هەموو کارێکی دروست.

لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە باسی گرنگی دڵ لەوێدا دەکات کە هەرکەسێك ئەگەرهاتوو دەرگای دڵی داخستبێت و قوفڵی لێدابێت ئەوا سوود لە نووری قورئان وەرناگرێت و ڕۆشنایی قورئان نایگرێتەوە و لێی بێ بەشە.

وەکو دەفەرموێت: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا (٢٤)﴾

(محمد) واتە: ئایا ئەوانە بۆ لە ئایەتەکانی قورئان ڕانامێنن و تێنافکرێن، تا

پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرن, بەڵکو قوفڵ لەسەر دڵیان دراوەو هیچ خێرێکی تێناچێ بۆیە ئاوا گومڕا و سەرگەردا بوون؟

ابن مسعود رضي الله عنه دەڵێت: " دڵ وەکو مەنجەڵ وایە تەنها بە قورئان پڕی بکەنەوە وبەهیچی تر جگە لەو سەرقاڵی مەکەن".[1]

یان لە ئایەتکی تردا دەفەرمویت: ﴿بَلْ هُوَ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ فِي صُدُورِ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ وَمَا يَجْحَدُ بِآيَاتِنَا إِلَّا الظَّالِمُونَ (٤٩)﴾ (العنكبوت) واتە: بەڵکو قورئان چەند ئایەتێکی ڕوون و ئاشکران لە سینە و دڵ و دەروونی ئەو کەسانەدا کە عیلم وزانستیان پێ بەخشراوە ولەبەریانە, بەڕاستی جگە لە ستەمکاران کەس بەرهەڵستی و نکوڵی لە ئایەتەکانی ئێمە نیە.

پێشەوا ابن کثیـر لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: قورئان لە سنگەکاندا پارێزراوە, لەسەر زمان سانا وئاسانە, و بەسەر دڵیشدا دەسەڵاتدارە, و کەسیش ناتوانێت وێنەی قورئان بهێنێت نە ووشە و نە مانای.

[1] : فن التدبر في القرآن الكريم, د. عصام بن صالح العويد: ص: ٢٩.

عَنْ مُطَرِّفِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الشِّخِّيرِ، عَنْ أَبِيهِ، قَالَ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُصَلِّي وَفِي صَدْرِهِ أَزِيزٌ كَأَزِيزِ الْمِرْجَلِ مِنَ الْبُكَاءِ" ( صحيح: صحيح أبي داود: ٨٤٠ ).

واتە: پێغەمبەری خوام بینی ﷺ نوێژی دەکرد و لە سنگیدا کوڵپە دەهات وەکو کوڵپەی ئاوی کوڵاوی نێو مەنجەڵ بە هۆی گریانیەوە .

## د/ مەبەستی هەرەگەورە وسەرەکی لە خوێندنی قورئان بریتیە لە تێڕامانی دڵ:

پێشەوا السيوطي لە کتێبی " الإتقان في علوم القرآن " دا دەڵێت:
خوێندنی قورئان بە تێفکران و بیرکردنەوەو تێگەیشتنەوە دەبێت, هەر ئەوەشە مەبەستی هەرە گەورە و داواکاوی هەرە گرنگەو ناخ و دەروون بەوە دەکرێتەوەو ئاسوودە دەبێت و دڵەکان بەوە ڕووناك دەبنەوە. وە هەروەها خوای پەروەردگار حیکمەت لە ناردنە خوارەوەی قورئانی بۆ ڕوون کردوینەتەوە و دەفەرموێت:
﴿كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ (٢٩) ﴾

(ص) واتە: ئەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزە دامانبەزاندووە بۆ لای تـۆ, بۆ ئەوەی

ئایەتەکانی لێکبدەنەوە و بیری لێ بکەنەوە و بۆ ئەوەی خاوەن بیرو هۆشەکان پەند و ئامۆژگاری وەربگرن و تێفکرن.

یان لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا (٢٤) ﴾ ئەگەر سەرنج بدەیت لێرەدا دەفەرموێت ﴿أَقْفَال ﴾ واتە چەند قوفلێك لەو دڵە دراوە نەوەك تەنها یەك قوفڵ, وە ئەگەرنا شوێنی قورئان بریتیە لە دڵ لە بنچینەدا و هەرکات گوێبیستی قورئان بێت ڕاستەوخۆ دەچێتە کانگای دڵەوە و تێیدا ئارام دەگرێت و خاوەنەکەشی ئاسوودە دەکات بەڵام بەهۆی گومان و تاوان و پشتگوێ خستنەوە دڵەکە چەندین بەربەستی بۆ دروست بووەو بێبەش کراوە لە دۆستە نزیك و هاودەمە بە وەفاکەی, بەو هۆیەوە ناهێڵرێت دڵ چێژ لە قورئان وەربگرێت کە تامەزرۆیەتی.

هەربۆیە پێغەمبەری خـــوا ﷺ زەم و سەرزەنشتی کەسێکی کردووە کە هەندێك ئایەت دەخوێنێتەوەو لێ تێنافکرێ و بیری لێ ناکاتەوە: بۆیە دەفەرموێت: " لَقَدْ نَزَلَتْ عَلَيَّ اللَّيْلَةَ آيَاتٌ، وَيْلٌ لِمَنْ قَرَأَهَا وَلَمْ يَتَفَكَّرْ فِيهَا ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ (١٩٠) ﴾ "(آل عمران) واتە: لەڕاستیدا ئەم شەو ئایەتانێکم بەسەردا

دابەزیوە, وەیل بۆ ئەو کەسەی کە دەیخوێنێتەوەو بیــری لێ ناکاتەوە: ﴿بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا و لە ئاڵوگۆڕی شەو ورۆژدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانی ژیر و هۆشمەند﴾.

ابن مسعود ﵁ دەڵێت: لە سەیر و سەرسورمانەکانی قورئان بوەستن و هەڵوەستەبکەن, و دڵتانی پێ بجوڵێت, و با لەکاتی قورئان خوێندنتاندا بیرتان لای کۆتایی سورەتەکە نەبێت کەکەی تەواوی بکەن.[1]

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ للهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

---

[1] : فن التدبر في القرآن الكريم, د. عصام بن صالح العويد: ص: ٣٣.